# بەهەشتی زیندان. . !

رەوشی پەنابەران لە ناو کەمپەکانی سویدا.

شێرزاد هـــــەینی ـــ سوید
heinisherzad@hotmail.com

چەند رۆژە لاپەرەی رۆژنامەکانی سویدی، رۆژانە باس لە رەوشی ئەو مێردمناڵ و گەنجانی ناو کەمپەکەی " کارلسلوند"ی ستکهۆلم دەکات. دیارە هاوشان لەگەڵ کەمی و سستی پێدانی " ئیقامە " و زۆری سەرنشینانی ناو کەمپەکە، ئاڵۆزی و پەشێویی و باری تەندروستی خراپ لەناویاندا تەشەنەی کردووە. رۆژانە نمونەی ترسناك و دژوار تۆماردەکەن و بلاّویدەکەنەوە. بۆیەش ئێمە، وا ئەم هەواڵە ئامادە دەکەین، چونکە ئەگەری ئەوە زۆرە، زۆربەی سەرنشینانەکەی کورد بن. کوردەکەش، بە زۆری مامەلەکانیان دواکەوتووەو قسەی ئەوەش زۆرجار دووبارە دەبێتەوە، کەوا کوردستانی باشووری ژێر دەستەلاّتی هەردوو حزبی کوردستان، پارێزراوەو ناوچەکە ئارامەو لە ژێر چاودێری زلهێزەکانەو لەلایەن دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانا پارەو خزمەتگوزاری و نانیان لەبەر رۆشنایی بەرنامەی جیهانی " نەوت بەرامبەر بە خۆراك " بۆ دەستەبەردەکرێت و وەفدی حکومی دەچێتە ناوچەکەو ئەوانیش دێن و دیداری دوو قۆلی بەردەوامە.

بەپێی ئاماری تایبەتی دائیرەی پەنابەریی سویدی لە ساڵی (٢٠٠٠) دا ٣١٨ گەنج و لە ساڵی ( ٢٠٠٠) دا ٢٩١ گەنجی تەمەن لە ژێری ١٨ ساڵان هاتوونەتە ولاتی سویدو داوای مافی پەنابەرییان کردووە. دیارە ئەو ژمارەیەش هیمای زۆری کێشەو گرێ کۆمەلایەتیەو دەزگاکانی سەرقالکردووە.

بەرپرسانی کەمپەکە ئەوەیان ئاشکرا کردووە، کەوا لەو شەش مانگەی دواییدا چەندیان دیار نەماون، هەروەها گومانی ئەوەش هەیە دووچاری کاری جنسی ببون. پۆلیش جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کەوا بۆ کاری لەم جۆر جنسیانە بەکارهاتوون. ئەوەش زۆر جێگای سەرنجە، چۆن مێرد منالێك هەر دێتە ئەو کەمپانە، هەر زوو مۆبایلی دوا مۆدیل دەکرێت. . . !!؟؟ لەبەر زۆری ژمارەیان ژمارەیەکیان لە کوریدوورەکان رۆژانە بەسەر دەبەن و، دەمینێنەوە. بەراستی چاودێریکردنی ٣٠٠ گەنجی وا، دوور لە ئامێزی دایکوباوکیان کارێکی ئاسانە نییە.

هەر لەم کەمپەداو لەم ماوەیەدا، ١٦ گەنج لەوانە هەولی خۆکوشتنیان داوە. یەکێك لەوانە کورە " عیراقییەکی" تەمەن ١٦ ساڵان ویستویەتی خۆی بکوژێت و سێ جار هەولیداوە، دوا جار هاورێیەکانی رزگارییان کردووە، لە ژوورەکەییدا پەتێکی هەلّواسیوە بۆ ئەم مەبەستە.

" سمیر " بە پۆلیس و بەرپرسانی کەمپەکەی وتووە، ئەوەی بۆ ئاشکراکردوون، کەوا ئەو قاچێکی کورترەو پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە، هەست بە کەمی دەکات. دکتۆرەکان پێ دەلێن، تا چوار ژمارەت نەبێ، واتە تا ئیقامە وەرنەگریت نەشتەرگەری وات بۆ ناکەین. . . !! بۆیە من دەترسم، دووچاری کورسی هاندیکەپی بم، بکەومە سەر عەرەبانەی پەککەوتوان، بۆیە باشترین چارەم خۆکوشتنمە. ئەو وتویەتی: من باشم لەبیر نییە، شەوێکیان چاك خەوم لێکەوتبێ، من شەوان هەر بە ئاگام و بە حەب نەبێ خەو ناچێتە چاوانم.

رۆژانە کێشەو ئالۆزی هەیە، ئەوەتا لەو شەوانەدا، یەکێکیان سەرنشنێکی ئەم کەمپەو لە ژێر کاریگەری حەبی بێهۆشکەرییدا، شەو، بە لوولەیەکی ئاسن ویستویەتی دەرگاو جامخانەیەکی کوشکێك بشکێنێ. بۆ پارەی ئەم حەبانە، بۆ کرینی، هەولی دزینی داوە. پۆلیس ئەو دەناسێ و چەندجاری تر گیراوە، لێپرسینەوەی لەگەلّدا کراوەو پاش پرسینەوە، ئازادکراوەو گفتی لیّ وەرگیراوە، دووبارە کارێکی تری کردووە.

وەنەبیٚ هەر لەو کەمپەدا کیٚشەو پەشیٚویی هەبوبیٚت، ئەوەتا بەرپرسانی کەمپی " گیمۆ " ی پەنجا کیلۆمەتر سەرووی شاری ئوپسالا بۆ رۆژنامەی رۆژانەی " ئەکسپریٚس " دەبیٚژن :

دایکیٚك بەناوی ساکینە وتویەتی، من حەز دەکەم بۆ کیژەکەم دایکیٚکی زۆر چاك بم، بەلاٚم دەستەلاٚتم نییە. وا رەوشی ئەو بەرەو خراپی دەچیٚت. . !! زۆرجار میٚردەکەم لە تۆلەی ئەوەی من ئەوانم لە سوریا هەلٚقەلاٚندو لەو کەمپەم گیرساینەوە، کۆلٚی ئەوەم بە لیٚدان لیٚ دەردەکاتەوە. بەناچاری، لەبەر رەوشی ئالۆزی تەندروستی کیژەکەمان، رۆژانە پیٚنج جۆرە دەرمان دەخوات. زۆر توورە دەبیٚت، تلفزیۆن و تەسجیلەکەمان دەشکیٚنیٚت. رۆژانە بە بەردەوامی دەگریٚت.

ئەوە بۆسنیەکی تەمەن دوازدە سالاٚنەو شەوان خەونی ناخۆش دەبینیٚ، بەبەردەوام ئەو دەمە کورتانەی خەوی لیٚدەکەویٚت، رادەپەریٚ، ناویٚرین باس دویٚنیٚ بکەین، یەکسەر دایکە کلۆلەکەمان دەگریٚت. ئەو هیچ بروای بەدوارۆژو سبەینیٚ نەماوە.

باوکیٚکی کوردیش لە هەمان کەمپەدا، دەلٚیٚ، ئەوە دوو سالٚە ئیٚمە لە کاروانی کۆچا بەردەوامین، لە ژیانمدا هەر کۆچباربویمە. ژنەکەم، زوو دەبوریٚتەوە. منالٚەکەمان لەو رەوشە دەترسیٚت، دەرمانیش چارەی ناکات. . . !! شەوانە زۆر میزدەکات، لە خوشك و برایەکانی دەدات، زۆر دەزیرِیٚنیٚت.

باوکی دەبیٚژیت، بە گەمەو یاری ناخافلٚیٚت، یاریمان زۆر بۆی کرییوە. ژنەکەم دەستی لەخۆ بەرداوەو ئارەزووی مردن دەکات.

دایکی دوو گەنجی تەمەن ١٨ سالاٚن، رۆژانە لە منالٚەکانی دەدات. شەوان خەو ناچیٚتە چاوانی، کەرەستەکانای ناو شوقەکەی سەروبن دەکات و ئارامی نییە.

فەلەستینیکی تەمەن ١٢ سالاٚن بە ئازاری هەر پیٚنج خوشکو براکانییەوە دەنالٚینیٚ، دایکیان لە نەخۆشخانە کەوتەوە، باوکیان خەریکی ئەوەو ئەو منالاٚنەش لەلای ئەوە دەمیٚنیٚنەوە. دەلٚیٚ، من نانیان بۆ ئامادە دەکەم، لەبەر ئەوانە من تاقەتی خویٚندنم نەماوە. منیش رەوشم خراپە. لە رۆژنامەنووسەکە داوا دەکاتن یارمەتیمان بدە لە سوید بمیٚنیٚنەوە. . !!

دوا دیداری گەشتی رۆژنامەنووسەکان بە ناو پەنابەرەکانی کەمپەکانا، نوسیویەتی:

کورِیٚکمان بینی، موحەمەد، چەقۆیەك لە ژیٚر بالیفەکەیدابوو، خەویشی لیٚکەوتبوو، دایکی وتویەتی، بەردەوام ئەو کورە هەست بە ترس دەکات. هەر بە تەنیا گەمە دەکات. چاودیٚرەکانی تەندروستی دەلٚیٚن، بەردەوام کارمان پەیوەندە بە دکتۆری نەفسیە.

ئەو رەوشانەی ئەوانە نوسیویانە چەندی لە واقیع نزیکن، یان دوور بن، ژیانی ناو کەمپ و چاوەروانی و وەلاٚمە تالٚەکان، ئەو بەهەشتە رووناك و سەرفرازە بەراستی دەکاتە زیندانی تاریك.